ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٧

جوگرافیا



Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

- ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای هەولێر «نەرمیل»
- ئامادەکردنی: لیژنەی باڵای ئامادەکار:
د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، فەرید ئەسەسەرد،
د.ئومێد جۆزەلی، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان.
- سەرپەرشتیاریی هونەریی و خۆشنووسی: محەمەد زادە.
- دەرهێنانی هونەری: عوسمان پیرداود.
- جێبەجێکردنی هونەری: عصام موحسین نادر، رزگار موحسین نادر.
- نەخشەکان:سەردار محەمەد - وشیار حەمەدەمین
- هەڵەبڕی و پێداچوونەوە: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، عەبدولڕەحمان مەعرووف، ڕەحیمی سورخی.
- هەڵەبڕی کۆمپیوتەر: مەسعود ئیبراهیم، ئەیوب یوسف.
- سکەنەری وێنەکان و ڕێکخستن: بەدرخان یوسف.
- سەرپەرشتیاری گشتیی چاپ: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان.
- چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لوبنان
- چاپخانە: گرین گالۆری- لوبنان
- تیراژ: ٢٥٠٠ دانە.
- ڕۆژی دەستپێکردن: ٢٠٠٥/١٢/٢٦ - ڕۆژی تەواو بوون ٢٠٠٩/٩/٢٥
- لە کتێبخانەی گشتی ژمارە «١٨٣٢» سالی ٢٠٠٩ی دراوەتێ.
- هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ لیژنەی باڵای ئامادەکار.
- نرخ: (١٥٠٠٠٠) دیناری عیراقی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

بیرۆکەی دانانی ئەم ئینسکلۆپیدیایە

نووسین و دانانی ئینسکلۆپیدیا هیوا و ئاواتی هەموو کوردێکە، جا چ ئینسکلۆپیدیای گشتی کوردستان بێ، یا زانستە ئینسکلۆپیدیای بەش بەش و بابەت بابەت و شار، شار بێ! بە تایبەت بۆ میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان، کە لەم رووەوە زۆر دواکەوتووین. ئەم وڵاتە -کوردستان- میژوویێکی دوور و درێژ و پڕ و چڕی هەیە و جوگرافیایەکی پان و پۆر و هەمەڕەنگ، ئەم میژوو و جوگرافیایە جگە لە میللەتی کورد: رێڕەو و هەوارگەی زۆر میللەتی تریش بووە و میژوویێکی دیاری لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆنترین شارستانیەت و زۆرترین شارستانیەتدا هەیە. جا وڵاتێکی ئاوا بێ شک پێویستی بە چەندین ئینسکلۆپیدیای جۆراو جۆر هەیە. بۆ ئەوەی بەتیری و بە دەوڵەمەندی هەموو گۆشەیەکی جوگرافی و هەموو قۆناغێکی میژوویی ڕوون بکاتەوە و بەدنیای بناسێنی، بەداخەوە باری سیاسی کوردستان تا ئێستاش بۆ ئەم جۆرە کارە زۆر لەبار نەبووە! ئەوەتا (بەڕێز دکتۆر مارف خەزنەدار) باسی ئەوە دەکات کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووی هەزارەی ڕابردوو لەگەڵ بەڕێزان (دکتۆر جەمال نەبەز و دکتۆر کەمال فوئاد و د. عیسمەت شەریف وانلی) بەرنامەیان بۆ ئەم کارە داناوە و دواجار - بەهەر هۆیەک بێ- سەری نەگرتووە، ئێستا بەهۆی دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی هەندێ نووسەری بەڕێز سەرەتایەک بۆ ئەم کارە پەیدابووە و هەندێ ئینسکلۆپیدیاش هاتوونەتە بەرهەم.

بیرۆکەی ئینسکلۆپیدیای هەولێر- سەرەتا لای دکتۆر عەبدوڵلا عەڵیاوەیی پسپۆر لەبواری میژووی نوێی کورد سەری هەڵداوە و ئەویش لەگەڵ حەمید ئەبوبەکر بەدرخان لە شەوی ٢٥ لەسەر ٢٠٠٥/١٢/٢٦ لە ئوتێلی ئەبوسەنا و لەشاری سلێمانی گفتوگۆی لەسەر دەکەن و دەگەنە بڕیاری سەرەتایی، بۆ جاری دووەم لە شاری هەولێر و لەمانگی دکتۆر عەبدوڵلا عەڵیاوەیی لە لەگەڵ کاک حەمید بەدرخان بڕیاری یەکجاری و دەست پێکردن دەدەن. هەر لەو دانیشتنە بڕیار دەدەن کە پەیوەندی بە چەند بەڕێزێکەوە بکەن و لێژنەیەک پێکبهێنن، دواجار لێژنەکە بەم شێوەیە پێکهات:

١- د. عەبدوڵلا عەڵیاوەیی پسپۆڕی میژوو و نەندامی پەرلەمانی عێراق -(سەرۆک).
٢- د. مەولود ئیبراهیم حەسەن مامۆستای زانکۆ لە کۆلیژی زمان. زانکۆی سەلاحەدین - بەشی کوردی- (نەندام).
٣- د. ئومێد ئیبراهیم جوزەلی مامۆستای زانکۆ- لە کۆلیژی نەدەبیات بەشی میژووی زانکۆی سەلاحەددین -(نەندام).
٤- فەرید ئەسەسەرد- بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی- (نەندام).
٥- حەمید ئەبوبەکر بەدرخان- بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان. - (نەندام).

پاش ئەوەی لیژنە پێکهات و دەست بەکار کرا، گرفتی باری دارایی گرفتێکی گەورە بوو، بەتایبەت ئینسکلۆپیدیا پێویستی بە پشتگیریبیەکی چاک هەیە، ئەم گرفتە بۆ ئێمە، ئەندامانی لیژنە کۆسپێکی گەورەبوو، لەلایەک هەموو کەس و لایەنێک بڕوایان بە سەرکەوتنی کارەکە نەدەکرد و لەلایەکی تریشەوە پارەیەکی زۆری دەویست لە توانای هەموو کەس دانەبوو، هەرچەندە لەسەرەتا حەمید بەدرخان چووە ژێرباری خەرجیەکان و لەپاشان لە چەندین دەرگا درا، تا دواجار ئەم پێشنیازە خرایە بەردەم بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی باشوور بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات، خۆشبەختانە، بەڕێزیان زۆر بەدەست و دڵکراوەیی هەموو خەرجی- ئینسکلۆپیدیای هەولێر-ی گرتە ئەستۆی خۆی وەک جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان. کە ئەم بڕیارەش لە راستیدا گیانی وەبەر کارەکەمان هێنا و لەخەمی پارە بێ خەمی کردین و بە گەرمی دەستمان بەکار کردەوە.

لیژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیای هەولێر

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library